**راگەیاندنی دەبیرخانەی کۆمەڵە:**

# ناڕەزایەتی بەرین لە شاری سەردەشت بە هۆی جینایەتی مەئموورانی رژیمەوە

بە پێی ئەو هەواڵانەی کە ئەمڕۆ بە دەستمان گەیشتوون، کاتژمێر ١٢ی شەوی رابردوو ١٦ ی مانگی ئۆکتۆبر، بیست‌وچواری رەزبەر، هێزە ئینتیزامییەکان لە ئاوایی "نەڵاس" لە نێوان شاری سەردەشت و پیرانشاردا تەقەیان لەو خەڵکە کردووە کە لە زەماوەند دەگەڕانەوە و سێ کەسیان لێ کوشتوون. خەڵکەکە دوای تەواو بوونی زەماوەند لە بەشی "میراوێ" بە چەپڵەرێزان بەرەو ئاواییەکەی خۆیان دەگەڕانەوە کە بە بیانوی هەرا و هوریای زیادییەوە دەدرێنە بەر تەقەی وەحشیانەی هێزە ئینتیزامییەکان و سێ کەس لەوان بە ناوەکانی "مەنسووری مەعرووف ناسراو بە مەنسوور مام ئاغا، ئازادی نەورۆزی و ئەحمەد پەروانە" دەست بە جێ دەکوژرێن و کەسێکی‌تریش بە ناوی وەستا حەسەن بریندار دەبێ کە دەبرێتە نەخۆشخانەی سەردەشت.

ئەو خەڵکەی کە بەم جۆرە زەماوەندەکەیان لێدەبێ بە تازیە، سەبارەت بەم جینایەت بێ‌هۆ و نامرۆڤانەیە ناڕەزایەتی دەردبڕن و بۆ ناڕەزایەتی دەربڕین و وەرگرتنەوەی تەرمی ئازیزانیان دەچنە شاری سەردەشت بەڵام کاربەدەستانی دەوڵەت لە شاری سەردەشت لە ترسی گۆڕانی بۆنەی ئەسپەردەکردنی تەرمەکان بۆ خۆپیشاندانی گەورە، لە دانەوەی تەرمەکان بە بنەماڵەکان خۆدەبوێرن. جێی وەبیرهێنانەوەیە کە ماوەیەك لەوەپێشیش هەر بە هۆی تەقەی پۆلیس و کوشتنی لاوێك بە ناوی سابیری حاجی‌پوورەوە خۆپیشاندانێکی بەرین لە شاری سەردەشت بەڕێوەچوو و سەرانسەری شار بووە بەستێنی تێکهەڵچوونی خەڵك و لاوان لەگەڵ هێزە سەرکوتگەرەکانی رژیمی کۆماری ئیسلامی. بە پێی ئەم هەواڵانە دوکانەکانی شاری سەردەشت وەك ناڕەزایەتی بەم جینایەتە داخراون و فەزای شار زۆر ئاڵۆزە و ناڕەزایەتی درێژەی هەیە. ئێمە هەرکات کە ئاگاداری زۆرترمان لە رووداو و ناڕەزایەتییە خەڵکییەکان بەدەست گەیشت لە راگەیاندنەکانی دواترمان دا هەمووانی لێئاگادار دەکەینەوە.

دەبیرخانەی کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران

٢٥ی رەزبەری ١٣٨٢ی هەتاوی ، ١٧ی ئۆکتۆبری ٢٠٠٣

www.komala.org

Email: Komala1348@hotmail.com
Komala Office in Sulaimania:
Tel: **(0044704)3124711**
Mobile: **00447077537465**